پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: بەڵێ، ووتی: لە نێوان ئەو ونوح چەندێک بوو؟ فەرمووی: دە سەدە، ووتی: چەندێک لە نێوان نوح وئیبراهیم بوو؟ فەرمووی: دە سەدە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژمارەی پێغەمبەران چەندێک بوو؟ فەرمووی: سێ سەد وپانزە

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: «بەڵێ»، ووتی: لە نێوان ئەو ونوح چەندێک بوو؟ فەرمووی: «دە سەدە»، ووتی: چەندێک لە نێوان نوح وئیبراهیم بوو؟ فەرمووی: «دە سەدە»، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژمارەی پێغەمبەران* چەندێک بوو؟ فەرمووی: «سێ سەد وپانزە». *(جیاوازی هەیە لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان -نبي- و -رسول- فەرموودەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی -رسول-ەکان سێ سەد وپانزە بووە، بەڵام لە فەرموودەی تر هاتووە کە ژمارەی -نبي-یەکان بە هەزارەها بوون، وجیاوازی زۆر لە نێوان -نەبی:نبي- و -ڕەسول:رسول- باسکراوە کە لە زمانی کوردیدا بە هەردوویان دەڵێن: پێغەمبەر، جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا باسکراوە بەڵام نزیکتریان لە پەسەندیەوە ئەوەیە کە پێشەوا ئیبن تەیمیە دەڵێت: ڕەسول بۆ خەڵکانێکی بێ باوەڕ وموشریک نێردرا بێت -یان شەریعەتێکی نوێی هێنا بێت- بەڵام نەبی بۆ خەڵکانێک نێردرا بێت کە باوەڕیان بە شەریعەتی ڕەسولەکە هەبووە بەڵام ئەو هاتووە بانگەوازی بکات وفێریان بکاتەوە وەکو نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل)

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە - طەبەرانی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ فەرمووی: بەڵێ، پێغەمبەر بوو. پاشان پرسیاری لێکرد سەبارەت بە ماوەی نێوان ئەو وپێغەمبەر نوح -علیهم السلام-؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ماوەی نێوان ئادەم ونوح دە سەدە بووە، پاشان پرسیاری لێکرد سەبارەت بە ماوەی نێوان نوح وئیبراهیم -علیهم السلام-؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەمان وەڵامی دایەوە؛ دە سەدە بوو، پاشان پرسیاری لێکرد سەبارەت بە ژمارەی پێغەمبەران* (الرسل)؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سێ سەد وپانزە پێغەمبەر -رسول- بوون. *(جیاوازی هەیە لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان -نبي- و -رسول- فەرموودەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی -رسول-ەکان سێ سەد وپانزە بووە، بەڵام لە فەرموودەی تر هاتووە کە ژمارەی -نبي-یەکان بە هەزارەها بوون، وجیاوازی زۆر لە نێوان -نەبی:نبي- و -ڕەسول:رسول- باسکراوە کە لە زمانی کوردیدا بە هەردوویان دەڵێن: پێغەمبەر، جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا باسکراوە بەڵام نزیکتریان لە پەسەندیەوە ئەوەیە کە پێشەوا ئیبن تەیمیە دەڵێت: ڕەسول بۆ خەڵکانێکی بێ باوەڕ وموشریک نێردرا بێت -یان شەریعەتێکی نوێی هێنا بێت- بەڵام نەبی بۆ خەڵکانێک نێردرا بێت کە باوەڕیان بە شەریعەتی ڕەسولەکە هەبووە بەڵام ئەو هاتووە بانگەوازی بکات وفێریان بکاتەوە وەکو نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل)


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee